KOREK Telecom




شکودران موستافی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ڤالنسیای ئیسپانی بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# کورد و کوردستان زۆر بە باشی دەناسم

"درێسێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ئیمزای خۆی پێشکەشی ڕووداو دەکات"

عومەر هروری
ڕووداو - ڤالنسیا

شکودران موستافی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو یانەی ڤالنسیای ئیسپانی، لە ئەڵمانیا بەڵێنی بە تیمی ڕووداو دابوو هەڤپەیڤینێکیان لەگەڵ ئەنجامبدات، دواتر ناچاربوو بگەڕێتەوە ئیسپانیا. بەڵام بەڵێنەکەی خۆی لەبیرنەکردو تیمی (ڕووداو)ی داوەتی ماڵی خۆی کرد لە شاری ڤالنسیا و هەڤپەیڤینەکەی ئەنجامدا.

شکودران موستافی، کە درێسێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بە ئیمزای خۆیەوە بە دیاری بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو ناردووە، لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێت «من زۆر بە باشی کورد و کوردستان دەناسم». ڕوونیشیدەکاتەوە کە چۆن ئاشنا بووە بە هەرێمی کوردستان و گەلی کورد.

ئەو یاریزانە ئەڵمانییە، کە بەهۆی پێکڕانی مارکۆ ڕیۆسی یاریزانی بەناوبانگی ئەڵمانی، لەلایەن یواکیم لۆفی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی مانشافتەوە دەستنیشانکرا بۆ جێگرتنەوەی ڕیۆس لە مۆندیالی 2014، هەستی خۆی لە بارەی بەشداریکردن و بردنەوەی جامی مۆندیال بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەخاتەڕوو. هەروەها دەشڵێت «زۆر سوپاسی ڕووداو دەکەم بۆ ئەم هەڤپەیڤینە».

**(ڕووداوی وەرزشی) لە ژمارەی داهاتوودا تەواوی هەڤپەیڤینەکە بڵاودەکاتەوە.**

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (343) سێشەممە 2015/3/17 19 ... وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات




یەکشەممە 2015/3/22 کاژێر 11:00ی شەو

# کلاسیکۆی ئەمجارە سەرەخۆرە

"لە کلاسیکۆدا نابێ مۆدریچ شووت لێبدات"

3»




سوپاس بۆ بۆسکێس کە قاچی لەسەر دەموچاوم دانا

4



نەورۆزتان پیرۆز.. بەو بۆنەوە

ژمارەی داهاتووی (ڕووداوی وەرزشی) دەرناچێت

پزیشک بۆ کوڕەکانی پیرێز:

## کلاسیکۆ هەڕەشە لە ژیانی باوکتان دەکات

3»

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (343) سێشەممە 2015/3/17



**دژایەتی دەکرێن**

ئاسۆ حەسەنی سەرۆکی یانەی وەرزشیی سەرچنار، سەبارەت بە هۆکاری پاشەکشەکردنی یانەکەیان لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «سەرەتا هۆکاری پاشەکشەکردنمان لە خولی پلە یەکی کوردستان بۆ نەبوونی توانای دارایی خراپ دەگەڕێتەوە، ئینجا هۆکاری دیکەش ئەوەیە کە ئیدارەی شاری سلێمانی دژایەتیمان دەکات لە جیاتی ئەوەی هاوکاریمان بکات. لەبەرئەوەی یانەکەی ئێمە تاکە یانەی سلێمانییە کە سەر بە لایەنێکی سیاسییە، بۆیە دژایەتیمان دەکرێت و تاوەکو ئێستا یاریگەی خۆمان بە ناوی خۆمان نەکراوە».

# گەشتی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئێرلەندا ئەنجامنادرێت






**5 ئەندامە یەکێتییەکەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەستیانلەکارکێشایەوە**

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا هەر 5 ئەندامی فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەستیانلەکارکێشایەوە، بەهۆیبەدەستنەهێنانی ڤیزاش، گەشتەکەی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئێرلەندا ئەنجامنادرێت.

هەریەکە لە سەرکار عەلی خان جێگری سەرۆک، حەمید خالید ئەمینداری دارایی، عومەر خەتاب و کاروان حەمەفەرەج و سەعدی غەریب، کە لە ستافی بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بوون و سەر بە لیستی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانن، دەستیانلەکارکێشایەوە.

سەرکار عەلی خان، جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنەکە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی)، ڕەتیکردەوە لەلایەن حیزبەکەیەوە لە پۆستەکەی لادرابێت و گوتی «بەهۆی ماندووبوونی زۆرەوەو هاتووچۆی هەموو هەفتەیەک بۆ هەولێر و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەفتانە، بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەم داوە، کەسیش ناتوانێت ناچارم بکات دەستلەکاربکێشمەوە». هەروەها گوتیشی «هاوڕێیەکانیشم هەروەک من بەهۆی ماندووبوونەوە بڕیاری خۆیان داوە، خۆ ناشکرێت هەتاهەتایە هەر ئێمە لەو پۆستانەدا بین و خەڵکێکی دیکەش هەن و حەزدەکەن کاربکەن و پێویستە گۆڕانکاری بکرێت».

لە ماوەی ڕابردوودا لە مێدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شەقامی وەرزشی، هەروەها لە نێو وەرزشوانانی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان بەتایبەتی، گلەیی و ڕەخنە لەسەر ئەندامە یەکێتییەکانی فیدراسیۆنەکە هەبوو، داوای گۆڕینیان دەکردن.

سەرکار عەلی خان، کە خەڵکی هەولێرە و لە سلێمانی دادەنیشێت و یەکێکە لە یاریزانە هەرە باشەکانی مێژووی تۆپی پێی هەولێر، گوتی «ساڵی ڕابردوو دەمویست وازبهێنم، بەڵام کە ئەو هێرشکردن و کێشانە هاتنەپێشەوە، بڕیارمدا بەردەوامبم، چونکە کەسمان لە خۆمان بە دڵسۆزتر نەزانیوەو ئەوەی لە توانامان‌دا بوویێت کردوومانە، بڕوابکەن ئەو بڕیارە پەیوەندی بە یەکێتی نیشتیمانییەوە نییەو تەنانەت ئەوان هەر ئاگاداریش نەبوون، کە ئێمە ئەو بڕیارەمانداوە».

عەلی خان ئاشکرایکرد، جارێ خۆی و هاوکارەکانی لە پۆستەکانیان بەردەوامدەبن تا ئەوکاتەی کەسانی دیکە شوێنیان دەگرنەوە.

«دەستلەکارکێشانەوەمان پێشکەش بە مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام جارێ لە کارەکانماندا بەردەوامدەبین، چونکە ناکرێت فیدراسیۆنی تۆپی پێ چۆڵبکرێت»، سەرکار عەلی خان وای بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت.

سەرکار دواجار گوتی «ئەندامانی یەکێتی لە مەکتەبی تەنفیزی ئۆلۆمپی و هاوکارانم لە ستافی فیدراسیۆنی تۆپی پێ و زۆربەی یانەو یاریزانان پێیانخۆش نییە دەستم لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام من چیدی ناتوانم بەردەوامبم، تەنانەت ئەگەر دەستلەکارکێشانەوەکەشم قبوڵ نەکرێت.

لە کوردستاندا لیژنەی ئۆلۆمپی و نزیکەی 30 فیدراسیۆنی وەرزشیی هەیە، ئەندامی ئەو فیدراسیۆنانە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە دانراون و بە هەڵبژاردن نەهاتوون.

## گەشتەکەی ئێرلەندا هەڵوەشایەوە

لەلایەکی دیکەوە بڕیاربوو هەڵبژاردەی کوردستان گەشتێک بۆ بریتانیا و ئێرلەندا ئەنجامبدات بۆ ئەوەی بە ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە بەشداریی لە یادی دامەزراندنی هەرێمی (ئایل ئۆف مان) بکات، کە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەو هەرێمە ناوی ئیلان ڤانینە و داوەتنامەی فەرمییان بۆ کوردستان ناردبوو، بەڵام بەهۆی پێنەدانی ڤیزا بە شاندی کوردستان لەلایەن باڵیۆزخانەی بریتانیا لە عەممانەوە، گەشتەکە هەڵوەشایەوە، کە دەبوو ئەمڕۆ (17ی ئادار) یارییەکە بکرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەڵبژاردەی کوردستان ماوەی نزیکەی 2 مانگ بوو خۆی بۆ ئەو یارییە ئامادە دەکرد.

# ئاڵا و ئەنجامەکەی کوردستان بەغدادی بێتاقەتکرد




**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - بەغداد**

لە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی عێراقدا، کچانی یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی لە ئاستی پێشکەوتووان و کچانی سیروانی نوێش، هەرچی تیپەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقە بەزاندیان و پلەی یەکەمیان دەستەبەرکرد.

ڕێناس سەعید، یاریزانی یانەی سیروانی نوێ و پاڵەوانی ڕاکردنی 3000 مەتری کچانی عێراق بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بە بێ گوێدان بە هیچ ترس و لەرزێکەوە توانیمان بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە بکەین، سەرباری ئەوەی لە قەیرانێکی داراییشداین، بەڵام ئەنجامەکانمان هەموو شتێکی بیربردینەوە».

ڕێناس گوتیشی «تیپەکانی کوردستان لە بەغداد هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نەبوو، لە هەر سەرکەوتنێکمان بە ئاڵای کوردستانەوە نمایشی خۆمان دەکرد، بەڵام یاریزانە عەرەبەکان و کارگێڕییەکانیان زۆریان پێناخۆش بوو، چەندینجار داوایان کرد ئەو ئاڵایە بگۆڕین بە ئاڵای عێراق، بەڵام گوێمان پێنەدان».

دڵسۆز عوبێد، پاڵەوانی یارییەکانی سێباز و 100 مەتر بەربەستێش گوتی «چاودێرییەکی زۆرباشیان دەکرین بەو ئاڵایانەوە تەنانەت بەدەست پۆلیسەکان بووایە لێیان وەردەگرتین، بەڵام ئێمە بە ئاست و ئەنجام هەموو ئەو ئامانجانەمان پێکا کە هەمان بوون، چونکە بەشی زۆریان چاویان بە کورد هەڵنایەت».

لە سەر ئاستی کوڕانیش بەشی زۆری یاریزانە کوڕەکانی کوردستان کە بە خواستن بۆ یانەکانی شورتە و جەیش یارییان دەکرد پلەی یەکەمیان مسۆگەرکرد لەو پاڵەوانیەتییەدا کە زیاتر لە 50 یانە بەشداربوون..



بەڵێنیان پێدراوە..

# کەرکووکییەکان هەڵدەستنەوە

**ڕووداوی وەرزشی - کەرکووک**

ئەمینداری دارایی یانەی کەرکووک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «دوای دەستلەکارکێشانەوەی ستافی کارگێڕی یانەکەمان، یاریزانانی یانەکە بەڵێنی ئەوەیان پێدراوە هاوکاری بکرێن، تاوەکو ئێستاش دیار نییە کێ یانەکە وەردەگرێت».

یانەی کەرکووک لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەیتوانیوە ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنێت و لە 15 یاریدا 9 جار دۆڕاوەو تەنیا 12 خاڵ کۆکردووەتەوەو هەڕەشەی دابەزین بۆ خولی پلە یەکەکانی لەسەرە. هۆکاری ئەم بارودۆخەش بۆ نەبوونی توانای دارایی دەگەڕێتەوە، کە زیاتر لە 4 مانگە یاریزانانی یانەکە هیچ مووچەیەکیان وەرنەگرتووە، جگە لە بڕی گرێبەستەکانیش.

لەو بارەوە سیروان نەجمەدین، ئەمینداری دارایی یانەکە گوتی»نەبوونی پارە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خراپبوونی ئاستی تیپەکەمان. بارودۆخمان خراپتریش دەبێت ئەگەر هاوکاری نەکرێین».

## کێ بەربژارە بۆ بەڕێوەبردنی یانەکە

سیروان نەجمەدین، گوتی «تاوەکو ئێستا دیار نییە کێ دەبێتە بەرپرسی یانەکە، چونکە ئێمە هۆکاری سەرەکیمان نەبوونی توانایی داراییە و نەبوونی پارە بارودۆخی ئێمەی تێکداوە، هەر بۆیەش دەستەی کارگێڕی یانەکەش دەستنیان لە کارکێشاوەتەوە».

لە بارەی دابەزینی ئاستی تیپەکەش، سیروان گوتی»ئێمە لە رووی ئاستی یاریزانەکان کێشەمان نییە، بەڵام توانای دارایی تیپەکەمان سنووردارەو یانەکەمان هیچ بڕە پارەیەکی نییە بداتە یاریزانانی، بێگومان ئەوەش کاریگەری دەبێت بەسەر ئاستی یاریزانان».

## مووچە نییە

ئەو بەرپرسەی یانەی کەرکووک گوتی «ئێمە چۆن بتوانین ئەنجامی باش بەدەستبهێنین کە یاریزانانی ئێمە زیاتر لە 4 مانگە هیچ بڕە مووچەیەکیان وەرنەگرتووە، بێجگە لە سەرجەم گرێبەستەکانی ماوەی یەک ساڵ. بێگومان ئەوە بۆ یاریزانان ئەستەمە بتوانن بەم بارودۆخە بەردەوامبن لە یاریکردن».

## بەڵێنیان پێدراوە

لە بارەی بڕی ئەو پارەیەی کۆمپانیای نەوتی باکوور بەڵێنی دابوو بیداتە یانەکە، سیروان نەجمەدین گوتی «تاوەکو ئێستا ئەو کۆمپانیایە بە فەرمی هیچ بڕە پارەیەکی نەداوە، بەڵام لەوانەیە لەم هەفتەییەدا ئەنجامەکە دیار بکەوێت ئایا پێمان دەدات یان نا».

## دەستی لە بەغدا شوشتووە

سەبارەت بە هاوکاریکردنی یانەی کەرکووک لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، سیروان گوتی «ئێمە ماوەیەکە دەستمان لە بەغدا شوشتووە، کە تاوەکو ئێستا هاوکاری یانەی کەرکووکی نەکردووە، بۆیە بەغدا بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە».

## 500 ملیۆن قەرزارە

ئەندامەکەی یانەکە ئەوەشی ڕاگەیاند «نزیکەی 500 ملیۆن دینار تەنیا بڕی گرێبەستی یاریزانان قەرزارین، کە دوو ساڵە هیچ پارەیەکیان وەرنەگرتووە لە یانەی کەرکووک».

# هەولێر 3 خاڵی تورکمانستانی دەوێ

**«هێشتا دیار نییە یونس مەحموود یاریدەکات یان نا»**



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

ڕۆژی چوارشەممە 2015/3/18 یانەی هەولێر لە وڵاتی تورکمانستان سێیەم یاری خۆی لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا ئەنجام دەدات و ئەوپەڕی پێویستی بە 3 خاڵەکەی ئەو یارییەیە.

یاری ئەمجارەی هەولێر بەرامبەر یانەی ئەهەلی تورکمانستانییە، کە تاوەکو ئێستا لە 2 یاریدا نەیتوانیوە هیچ خاڵێک کۆبکاتەوەوەو دوا پلەی ڕیزبەندی گرووپی سێیەمی گرتووە. هەولێریش کە لە دوو یاریدا بردنەوەیەک و دۆڕانێکی هەیە، بە 3 خاڵ پلەی دووەمی گرووپەکەی گرتووە، بۆیە زۆر پێویستی بەو 3 خاڵەیە هەیە، بۆ ئەوەی هەنگاوێکی گرنگ بچێتە پێشەوە.

مەحموود عەزیز، جێگری سەرۆکی یانەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «هەولێر زۆر پێویستی بە 3 خاڵەکەی تورکمانستانە». هەروەها گوتیشی «ئێمە ئەرکی خۆمان بە ئاسان نازانین و پێویستە یاریزانەکانمان ڕێز لە تیپی بەرامبەر بگرن و هەموو تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەو 3 خاڵە گرنگە».

ئەو بەرپرسەی یانەی هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لە ڕووی پێکهاتەوە هیچ کێشەیەکیان نییەو خۆیان بە باشی بۆ یارییەکە ئامادە کردووە، بەڵام گوتیشی «هێشتا نازانین یونس مەحموود یاری دەکات یان نا».

یارییەکە کاژێر 3ی دوای نیوەڕۆ بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت.



ژمارە (343) سێشەممە 2015/3/17

## ریکۆردی سوور



بەو کارتە سوورەی لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی 16ی چامپیۆنسلیگدا بەرامبەر یانەی چێلسی ئینگلیزی وەریگرت، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سوێدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بووە خاوەنی ریکۆردێکی خراپ لە مێژووی چامپیۆنسلیگدا، ئەویش بریتییە لەوەی بووە خاوەنی زۆرترین کارتی سوور لە مێژووی ئەو پاڵەوانیەتییەدا، کە 4 کارتی سوورە. بەمەش هاوتا بوو لەگەڵ ئیدگار داڤیدزی یاریزانی پێشووی یانەکانی یوڤانتۆسی ئیتاڵی و بارسێلۆنای ئیسپانی، کە ئەویش پێشتر هەمان ژمارەی کارتی سووری وەرگرتووە.

# 3 هەواڵی تایبەت بە کلاسیکۆ

ئەم 3 هەواڵە تایبەتن بە کلاسیکۆی 2015/3/22ی لیگا، کە تا رادەیەک بەرچاوڕوونییەک لەسەر رەوشی یارییەکەی ئەمجارەی نێوان بارسێلۆنا و ریال مەدرید دەخەنەڕوو.

## مێسی = 12 و ڕۆناڵدۆ = 1



بەردەوام زۆربەی بەراوردەکانی کلاسیکۆ لە نێوان ریال مەدرید و بارسێلۆنا لەسەر هەردوو ئەستێرە، لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەبێت، چونکە هەموو دونیا بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو یارییە دەکات. مێسی تاوەکو ئێستا بەشداری لە 28 کلاسیکۆدا کردووە و 21 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە لە هەر کلاسیکۆیەکدا 0.75 گۆڵی تۆمارکردووە. ڕۆناڵدۆش بەشداری لە 21 کلاسیکۆدا کردووە و 13 گۆڵی تۆمارکردووە. واتە لە هەر کلاسیکۆیەکدا 0.61 گۆڵی تۆمارکردووە. مێسی 14 یاری کلاسیکۆی بردووەتەوە، کەچی ڕۆناڵدۆ تەنیا 5 کلاسیکۆی بردووەتەوە، پێدەچێت ئامادەبوونی مێسی پێش ڕۆناڵدۆ لە لیگا ژمارەکانی ئەوی زیاتر کردبێت. لە دروستکردنی گۆڵ لە کلاسیکۆ، چونکە مێسی زۆر لە پێش ڕۆناڵدۆ دێت، کە 12 گۆڵی دروستکردووە، کەچی ڕۆناڵدۆ تەنیا یەک گۆڵی دروستکردووە.

## نابێ مۆدریچ شووت لێبدات



لۆکا مۆدریچ، دوای 114 ڕۆژ دوورکەوتنەوە بەهۆی پێکان، گەڕایەوە یاریکردن، مۆدریچ بەرامبەر شاڵکە لە چامپیۆنسلیگ 33 خولەک یاریکرد، دواتریش لە لیگادا بەرامبەر لیڤانتی یاریکرد. ئەو بەشداریکردنانەی وەک ئامادەکارییەکە بۆ یاری کلاسیکۆ لە 22 ئەم مانگەدا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش پزیشکان هۆشداریان داوەتە ئەو یاریزانەو لە کرواتیا پێیانوایە هێشتا زووە لەگەڵ ریال مەدرید یاری بکات، تاوەکو بە تەواوی لە پێکانەکەی چاک نەبێتەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کرواتیا باس لەوە دەکەن، پزیشکان ئامۆژگاری مۆدریچیان کردووە بەشداری لە شەڕە قاچی نێو هێڵی سزا نەکات و شووتیش بۆ گۆڵ لێنەدات، بۆ ئەوەی ئەزیەتی خۆی نەدات، کەچی مۆدریچ هەر لە یەکەم یاری گەڕانەوەیدا بەرامبەر شاڵکە ئەمانەی کرد.

## کریستیانۆ دەبێتە یەدەگ



ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی ڕاپرسییەکی لەنێو هاندەرانی یانەی ریال مەدرید ئەنجامداوەو پرسیاری ئەوەی لێککردوون، کام لە هێرشبەرەکان دەبێت لەسەر کورسی یەدەگەکان دانیشێت، کە بەمدواییە زۆر بە لاوازی دەردەکەوێت. پرسیارەکە بەمشێوەیە بوو: دەتەوێ کامە یاریزان لە BBC لەسەر کورسی یەدەگەکان دانیشێت؟. ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە مایەی سەرسوڕمان بوون، بەو پێیەی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەشێکی زۆری هاندەرانی ریال مەدرید پێیانوابووە کە پێویستە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بخرێتە سەر کورسی یەدەگ، کە ڕێژەیان بریتی بوو 32%. بۆ گاریس بەیلیش 46% پێیانوابوو کە ئەو شایەنی کورسی یەدەگە. هەروەها لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە تەنیا 22% لەگەڵ ئەوەدابوون کە پێویستە کەریم بنزیمە بکرێتە یەدەگ.

هەر لەم ڕاپرسییەدا 92%ی مەدریدییەکان پێیان باشبوو ریال مەدرید لە یاری کلاسیکۆدا بە پلانی 4 ـ 4 ـ 2 یاری بکات.

## پزیشکان هۆشداری دەدەن..

# کلاسیکۆ هەڕەشە لە ژیانی پیرێز دەکات



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕادیۆی کادینا سێری ئیسپانی بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو ڕایدەگەیێنێت کە پزیشکان هۆشداریان داوەتە کوڕەکانی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید لە بارەی مەترسی یارییەکانی ریال مەدرید، بە تایبەتیش یاری کلاسیکۆ، لەسەر تەندروستی باوکیان.

ئەو ڕادیۆیە لە ڕێگەی بەرنامەی لاجیرۆوە ڕایگەیاند کە ئەو بارودۆخە خراپەی بەمدواییە ریال مەدرید تێیکەوتووە، بە تایبەتیش دۆڕانەکەی بەرامبەر یانەی شاڵکەی ئەڵمانی لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی 16ی چامپیۆنسلیگدا، کە ئەوەندە نەمابوو شاڵکە یانەی شاهانە لە پاڵەوانیەتییەکە دەربکات، زۆر کاری کردووەتە سەر تەندروستی فلۆرەنتینۆ پیرێزی تەمەن 68 ساڵ و گوتی «لەبەرئەوە پیرێز بیر لەوە دەکاتەوە بە یەکجاری واز لە سەرۆکایەتی یانەکەی بێنێت».

لەوەش گرنگتر مانوێل دیازی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی، کە زۆر نزیکە لە پیرێز، لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پزیشکێک هۆشداری داوەتە کوڕەکانی پیرێز لە بارەی مەترسی بەردەوامبوونی ئەو پیاوە پیرە لەسەر کارەکەی و پێیگوتوون «پیرێز ناتوانێت زیاتر بەرگەی فشاری یارییەکانی تۆپی پێ بگرێت، نەخاسمەش کلاسیکۆ». هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسە گوتیشی «لە یاری شاڵکە و ریال مەدریددا پیرێز زۆر تووڕەو نیگەران بووە، بۆیە ئەگەر ریال مەدرید لە کلاسیکۆشدا تووشی دۆڕان بێت، لەوانەیە مەترسییەکی جددی بکەوێتە سەر تەندروستی پیرێز».

ئەو هاوڕێیەی سەرۆکی ریال مەدرید، ئەوەشی نەشاردەوە کە کوڕەکانی پیرێز لەسەر ڕێنمایی پزیشکان چەند مانگێکە هەوڵ دەدەن باوکیان ڕازی بکەن لەبەر تەندروستی خۆی لە تۆپی پێ دووربکەوێتەوەو خەریکی کارە تایبەتییەکانی خۆی بێت و گوتی «پێدەچێت پیرێز ئەمجارە بە قسەی کوڕەکانی بکات، چونکە ئەویش هەستی بەوە کردووە کە مەترسی لەسەر ژیانی ئەو هەیە، چونکە مانەوەی ئەو لە سەرۆکایەتی ریال مەدرید واتە بەردەوامی فشار لەسەر ئەو، کە ناتوانێت لە بەرامبەر شکستەکانی ریال مەدریددا خۆڕاگر بێت».

# جەنگی ساردی پێش کلاسیکۆ دەستیپێکرد

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لە ئیسپانیا جەنگی لێدوانەکان و کاردانەوەی پێچەوانە لەنێوان هاندەرانی ریال مەدرید و بارسێلۆنا پێش یاری کلاسیکۆ دەستیپێکرد.

لەتەک لێدوانەکانی ئیگناسیۆ ڕۆیز خارابۆ، سەرۆکی پێشووی دەستەی باج لە ئیسپانیا، کە پیرێزی بەوە تۆمەتبارکرد کە کەسێکی کەللەڕەقە، چونکە هەڕەشەی وەستانی لیگای کردووە، جۆسێپ بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسێلۆنا گلەیی لە لایەنی مەدریدی بە تایبەتی سەرۆکەکەی کرد، چونکە ڕازی نەبوون یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوەی بارسێلۆنا لەگەڵ ئەتلەتیک بلباو گەیشتووەتە یاری کۆتایی، کە ساڵی 2012 هەمان شت دووبارە بووەوە کاتێک تیپەکەی لەسەر یاریگەی میستایای تایبەت بە یانەی ڤالنسیا یاری کۆتایی ئەنجامدا.

### شتەکان گەیشتنە لوتکە

دەمەقاڵێ و شەڕە قسە لەنێوان هەردوولا بەتایبەتی لەلایەن کەتالۆنییەکان گەیشتە لوتکە، چونکە هێرشی توندیان کردە سەر پیرێز و بە «تارمایی ڕەش لە ئیسپانیا» وەسفیان کرد، چونکە بە گوتەی ئەوان پەیوەندی گوماناویی زۆری هەیە، مەدریدیەکانیش وەڵامیان دانەوەو بەوە تۆمەتباریان کردن «دەیانەوێ فشار لەسەر تیپەکەیان لادەن بۆیە پیاوی یەکەمی ریال تۆمەتبار دەکەن»، نەخاسمەش کە بەمدواییە بارسا ناوی لە نێو چەندین کێشەی ئاڵۆزی تایبەت بە خۆدزینەوە لە باج و ئاشکرا نەکردنی بەهای ڕاستەقینەی گرێبەستی نیمار هەبوو، کە دواترینیان گوتەکانی ئاژانسی ئەمریکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بوو، بەوەی لیۆنێل میسی پەیوەندی گوماناویی لەگەڵ ڕێکخەری یارییە دۆستانەکان هەیە، ئەوانەی لەگەڵ چەتەکانی مەترسیداری مەکسیکی (ئێل کارتیل دیل لویس ڤالنسیا) کاردەکەن، کە تایبەتە بە ئاودیوکردن و سپیکردنەوەی پارە.

### ڕێز لە مێژووی بارسێلۆنا بگرن

بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسێلۆنا ئەمجارەش دووپاتیکردەوە، نازانێت یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەسەر چ یاریگەیەک ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەمجارە توندتر لە جاران قسەی کردو وەڵامی مەدریدییەکانی دایەوە، گوایە کەتالۆنییەکان لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا دەیانەوێ گاڵتە بە مارشی نیشتمانیی ئیسپانیا بکەن و لەم بارەوە گوتی «ناکرێت ئەمە ڕووبدات، ڕێز لە مێژووی بارسێلۆنا بگرن، چەندینجار جامی شای ئیسپانیامان بەدەستهێناوە». هەروەها گوتیشی «نازانین یارییەکە لە کوێ ئەنجام دەدرێت، نازانم ریال مەدرید بەڕاستی ڕەتی کردووەتە یارییەکە لەسەر یاریگای ئەوان ئەنجام بدرێت یان نا، گرنگ ئەوەیە یارییەکە لەسەر یاریگایەکی گەورە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە دەرەوەی ئیسپانیاش دەیانەوێ هانمان بدەن ئامادەی یارییەکە بن».

### سێ جیاوازی گەورە پێش کلاسیکۆ

بە هەموو پێوەرێک پێشبینی دەکرێت یاری کلا سیکۆ ئەمجارە یارییەکی مێژوویی بێت. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا ریال لەوپەڕی بەهێزیی دابوو، کەچی بارسێلۆنا لەوە نزیکبوو دەستەی هونەری لەدەستبدات، بەڵام شتەکان ئێستا پێچەوانە بوونەتەوە، ریال مەدرید بەشێوەیەکی سەیر پاشەکشەی کردووەو ئەستێرەکانی بارسێلۆناش بەشێوەیەکی بەرچاو درەوشاونەتەوە. ڕەوشی هەردوو ڕاهێنەریش گۆڕاوە، دوای ئەوەی ئەنچیلۆتی زۆر لەوە نزیکبوو گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید بۆ ماوەیەکی درێژ نوێ بکاتەوە، ئێستا هەڕەشەی دوورخستنەوەی لەسەرە، کەچی لویس ئێنریکی بووەتە ژمارە یەک لە بارسێلۆنا دوای ئەوەی لە سەرەتای وەرز زۆر لە ڕۆیشتن نزیکبوو.



## ئیکەر کاسیاس وەک نموونە..

# ئەنچیلۆتی لە یاریزانەکانی دەترسێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

سەرنووسەری ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسانی وەرزشیی ئەو وڵاتە، هێرشێکی توند دەکاتە سەر کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید و دەڵێت «ئەنچیلۆتی لەسەر بنەمای ناوبانگی پێشوو و نرخ یان ویستێکی دیکە کە لە دڵی خۆیدایە یاری بە یاریزانانی دەکات».

ئەلفرێدۆ ریلانۆ، خۆی ئەو پرسیارە دەوروژێنێت «ئایا ئەنچیلۆتی لە یاریزانەکانی دەترسێت؟ ئایا ناوێرێت کاسیاس لە پێکهاتەی سەرەکی دووربخاتەوە؟». ئینجا هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوەو دەڵێت «ئەگەر ئەنچیلۆتی لە کاسیاس نادرسێت، تا کەی لە هەڵە ئابڕۆبەرەکانی بێزار نابێت؟ خۆ مۆرینیۆ هەر زوو لێی بێزاربوو، تەنانەت دیلبۆسکیش لێی بێزاربووە، تەنیا ئەنچیلۆتی نەبێت». ئەو زیاتر دەڵێت «کاسیاس لە هەموو کەسێک زیاتر شایەنی ئەوەیە لەسەر کورسی یەدەگ دانیشێت، چونکە خۆی هیچ متمانەی بەخۆی نەماوە، کەچی ئەنچیلۆتی هەر متمانەی پێدەکات، نازانم سەرچاوەی ئەو متمانەیە چییە ئەگەر ترسان نەبێت؟».

ئەلفرێدۆ ریلانۆ، کە بەوە ناسراوە زۆر سۆزی بۆ یانەی ریال مەدرید هەیە، زیاتر لەو بارەوە دەدوێت و دەڵێت «لە یاری شاڵکە و ریال مەدریددا هەموو جیهان کاسیاسی بینی، کە بەڕاستی وەک گۆڵچی یانەیەکی پلە سێ دەهاتە پێش چاو، کەچی ئەنچیلۆتی سوورە لەسەر ئەوەی لە یاری کلاسیکۆشدا هەر پشت بەو ببەستێت، هۆکارەکەش دیارە، چونکە ئەنچیلۆتی تەنیا لەسەر بنەمای ناوبانگی پێشوو و نرخی یاریزانان و هەندێک ئارەزوو کە لە دڵی خۆیدانە، یاری بە یاریزانانی دەکات».

ئەو ڕۆژنامەنووسە بەوەندەش ناوەستێت و زیاتر سووکایەتی بە ئەنچیلۆتی و کاسیاس دەکات و دەڵێت «زۆر سەیرە هیچ هاوڕێیەکی کاسیاس بڕوای بە تواناکانی نەماوە، کەچی ئەنچیلۆتی کردوویەتی بە کاپتنیش». هەروەها دەشڵێت «پێویستە ئەنچیلۆتی وەک مۆرینیۆ بوێر و چاونەترس بێت، بەرژەوەندی تیپەکەی لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دابنێت، هەموومان بینیمان چۆن کاسیاسی خستە سەر کورسی یەدەگ». ئینجا ڕووی قەسەکردنی لە دەڵێت «ئەنچیلۆتی.. بەسە موجاملەکردن، تۆ دەرفەتت بۆ ئەوە نەهێشتووەتەوە کە هیچ مەدریدییەکی گەورە و بچووک بەرگریت لێبکات».

رووداوی وەرزشی
ژمارە (343) سێشەممە 2015/3/17



**پیتزایە**

دروشانەوەی ئەستێرەی میسری، محەممەد سەلاح لەگەڵ یانەی فیۆرنتینای ئیتالی، پالی بە چێشتخانەکانی شاری فلۆرەنساوە ناوە ناوی بخەنە سەر جۆرە پیتزایەک. لەو بارەوە ماڵپەڕی کالچیۆ نیۆز باس لەوە دەکات کە سەلاح بە ماوەیەکی کەم بەهۆی دروشانەوەی لەگەڵ ڤیۆلا هەرایەکی گەورەی لە ئیتالیا ناوەتەوەو بووەتە خۆشەویستی جەماوەری فیۆرەنتینا، بۆیە چەندین گۆرانی و هوتاف بەناوی ئەو ئامادەکراون و ئێستاش جۆرە پیتزایەک بە ناوی سەلاح لە چێشتخانەکانی ئەو وڵاتەدا پەیدا بووەو ڕەواجێکی زۆریشی هەیە.

# مردنی خۆی دواخست و یاریگاکەی مۆندیال دەکرێتە گەراج

**بڕوا بکەی یان نا..؟!**

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

## دووەم گرانترین یاریگە کرایە گەراج



ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی هەواڵێکی سەیر لەسەر دووەم گرانترین یاریگەی تۆپی پێ لە جیهاندا بڵاودەکاتەوەو ئاشکرا دەکات کە ئێستا ئەو یاریگەیە کراوەتە گەراجی ئۆتۆمبێل.

ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە یاریگەی گارینشا لە بەرازیل، کە 7 یاری مۆندیالی 2014ی بەرازیلی لەسەر ئەنجام درا، بە بڕیارێکی حکومەتی بەرازیل کراوەتە گەراجی پاسەکان. ئەو یاریگایە کە لە دروستکردنیدا 600 ملیۆن یۆرۆی تێچووەو دووەم گرانترین یاریگەی تۆپی پێیە لە جیهاندا، ڕۆژانە نزیکەی 400 پاسی لێ دەوەستێندرێت، بەڵام ڕێگە نادرێت نە هاوڵاتیان و نە گەشتیاران بچنە نێو یاریگەکە. ئەو بڕیارە سەرنجی زۆر لە بەرازیلییەکان و شەیدایانی تۆپی پێی لە جیهان ڕاکێشاوە، چونکە شتەکە پەیوەستە بە دووەم گرانترین یاریگە لەسەر گۆی زەوی.

## بەهۆی تیپەکەی مردنەکەی دواخست



ئەو ناونیشانە لەوانەیە بەلای هەندێک کەسەوە سەیر بێت. بەڵام لە بەلجیکا ئەو ڕووداوە ڕاستەقینەیە ڕوویداوە، ئەوکاتەی لاورنیزۆ شونبرێت کە هاندەری یانەی کلوّپ برۆجی ئەو وڵاتەیە کاتی مردنی خۆی دواخست، کە پێشتر داوای لە دکتۆرەکان کردبوو بۆ ڕزگاربوون لەو نەخۆشییە کوشندەیەی ماوەی 20 ساڵە تووشی بووە، بە دەرزی کۆتایی بە ژیانی بێنن. هۆکاری دواخستنی مردنەکەی بۆ ئارەزووی لە ئامادەبوون لە یاری تیپەکەی کلوّپ برۆج لە خولی بەلجیکا دەگەڕێتەوە، شونبرێت داوای لە کارگێڕی یانەکە کرد کورسیۆەکی لەسەر پەیژەکان بۆ بگرن، کارگێڕی یانەکەش بەخێرایی بەدەم داواکەی چوو و شەرەفی لێدانی تۆپی سەرەتای یارییەکەی بەرامبەر تیپی مۆسکرون پرۆفیلزی پێبەخشی، پاشان گەڕایەوە شوێنی تایبەت بە کەسایەتییە گەورەکان و لەگەڵ کوڕەکەی سەیری دوایین یاری ژیانی خۆی کرد.

## کەوتنێک بە 40 ملیۆن پاوەند

ئەسپی بەناوبانگ ئەنی پاوەر بەشێوەیەکی سەیر لە پێشبڕکێی گراند سلام بۆ ئەسپەکان لە شارۆچکەی شلتنهامی ئینگلیزی لە دوایین بەربەرستی پێشبڕکێیەکە کەوت، بەمەش ئەوانەی گرەویان لەسەر ئەو ئەسپە کردبوو 40 ملیۆن پاوەندیان دۆڕاند. ئەو ئەسپە بە ڕەچەڵەک ئێرلەندییەو پاڵێورای یەکەمی بەدەستهێنانی پێشبڕکێیەکە بوو، لە پێشەوەی ئەسپەکان بوو و وەک پێشبینی دەکرا زۆر لەوە نزیکبوو یەکەم بێت، بەڵام بە شێوەیەکی ترسناک بەسەر ڕوویدا کەوت و پێشبڕکێیەکەی دۆڕاند.، ڕۆبی واڵشی ئەسپسوارەکە، لەو بارەوە گوتی «نازانم پێش دوایین بەربەست چی ڕوویدا، ئێمە باش بووین، بەڵام ئەسپەکە مەزندەکەی هەڵە بوو و هێشتا دووربوو بازی دا، بەمەش بەسەر ڕوویدا کەوت و پاشان منیش کەوتم».



ئەو کەوتنە بازاڕی گرەوکردنی لەسەر بردنەوەی ئەنی پاوەر ڕزگارکرد، چونکە زۆربەی ئەوانەی بەشداریان کردبوو گرەویان لەسەر بردنەوەی ئەو ئەسپە کردبوو، کە پێشتر چەندین نازناوی دیکەی بەدەستهێناوە.

# ئامادەیە بە مەلەکردن بچێتە بارسێلۆنا



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

پاولۆ دیبالا، یاریزانی لاوی ئەرجەنتینی و ئەستێرەی یانەی پالێرمۆی ئیتالی دانی بەوەدانا کە بەستانەوەی ناوی بە گواستنەوە بۆ یانەی بارسێلۆنا، وایلێکردووە لە خەونێکی ڕاستەقینەدا بژیت و دووپاتیکردەوە «ناتوانم خەیاڵی ئەوە بکەم کە لەوە باشترم بەسەربێت، ئەگەر درێسی بلاوگرانا لەبەربکەم».

دیبالا، ڕایگەیاند هەستی بە شتێکی زۆر سەیر کردووە، کاتێک گوێی لەوە بووە بارسێلۆنا بایەخ بەوە دەدات بۆ وەرزی داهاتوو گرێبەستی لەگەڵ واژوبکات و لەو بارەوە گوتی «شەرەفێکی گەورەیە بۆ من ناوی من بە بارسێلۆنا ببەسترێتەوە، من ئامادەم ئێستا بچمە بارسا ئەگەر بە مەلەکردنیش بێت، تەنیا لەبەرئەوەی بایەخ بە من دەدات».

دیبالا، تەمەنی 21 ساڵەو دوو وەرزە لە ریزەکانی یانەی پالێرمۆ یاریدەکات و لە یانەی کورتوبەی ئەرجەنتینی هاتووە، لە وەرزی ئەمساڵدا ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات، ئەمەش وایکردووە یانەی بارسێلۆنا بایەخ بە تواناکانی بدات، کە دەیەوێ بۆ وەرزی داهاتوو هێڵی هێرشبردنی بەو یاریزانە لاوە بەهێز بکات، کە هەموو پێشبینی دەکەن ناوی لە ئاسمانی تۆپی پێی ئەوروپا بەرزبێتەوە، چونکە یەکێکە لە باشترین یاریزانە لاوەکان لە خولی ئیتالیا.

مەبەست وەرزی داهاتوو نییە..

# پریمەرلیگ کورسییەکی چامپیۆنسلیگ لەدەستدەدات



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

دوای دەرچوونی یانەی چێلسی لە قۆناخی 16 و دەرچوونی لیڤەرپوول لە قۆناخی یەکەم و نزیکبوونەوەی ئارسناڵ و مانچستەر سیتی لە جێهێشتنی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئایا خولی ئینگلیزی لەوە نزیکە کورسییەکی گەیشتن بە چامپیۆنسلیگ لەدەست بدات؟.

وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێ یە، لەوانەیە ئەوە ڕووبدات، بەڵام بەم نزیکانە نا، چونکە ئێمە باسی وەرزی داهاتوو و وەرزی دوای ئەو دەکەین. لەو دوو وەرزەدا لەوانەیە ئینگلتەرا هیچ مەترسی لەسەر کورسی چوارەمی چامپیۆنسلیگی نەبێت، بەڵام بە هاتنی وەرزی 2017 ـ 2018 لەوانەیە ئینگلتەرا ئەو کورسییە لە بەرژەوەندی ئیتالیا لەدەستبدات، کە لە ریزبەندی خولەکان بە گوێرەی ئەنجامەکانیان لە پێشبڕکێکانی ئەوروپا لە پلەی چوارەم دێت.

ئێستا 4 یانە لە سێ خولە گەورەکەی ئەوروپا بۆ چامپیۆنسلیگ سەردەکەون، کە ریزبەندەکەی بەمشێوەیە:، ئیسپانیا بە 94856 خاڵ، ئینگلتەرا بە 80105 خاڵ و ئەڵمانیا بە 78129 خاڵ. سێ یانەش لەم 3 خولە سەر دەکەون.: ئیتالیا بە 66010 خاڵ، پورتوگال بە 61049 خاڵ و فەرەنسا بە 52083 خاڵ. لەوانەیە ئینگلتەرا ئەو کورسییە لە بەرژەوەندی ئیتالیا لەدەستبدات، ئەگەر ریبزبەندییەکە بگۆڕێت و خولی ئینگلیزی بکەوێتە پلەی چوارەم و خولی ئیتالیا بێتە پلەی سێیەم، لەوانەیە ئەوەش بەهۆی خراپبوونی ئەنجامی یانەکانی ئینگلتەرا لەسەر ئاستی ئەوروپا بە بەراورد بە یانەکانی ئیتالیا ڕووبدات.

لە وەرزی ئەمساڵدا ئاست و ئەنجامی یانەکانی ئینگلتەرا زۆر خراپە، کەچی 6 یانەی ئیتالیا گەیشتنەتە قۆناخی 16ی هەردوو خولەکەی ئەوروپا، چامپیۆنسلیگ و یۆرۆپالیگ. پریمەرلیگ لەم وەرزەدا بۆ پلەی چوارەم گەڕاوەتەوە. لیگا یەکەمە بە 14642 خاڵ، بۆندسلیگا دووەمە بە 13857 خاڵ، سیریا ئەی سێیەمە بە 13833 خاڵ و پریمەرلیگیش چوارەمە بە 10250 خاڵ، ئەمەش بەگوێرەی ئەنجامی یانەکان لە وەرزی ئەورووپی ئێستادا.

ئەگەر سەرکەوتنی یانەکانی ئیتالیا بەسەر یانەکانی ئینگلتەرا لە وەرزی ئێستا و وەرزی داهاتوودا بەم شێوەیە بەردەوام بێت، لەوانەیە ئینگلتەرا بەهاتنی وەرزی 2017 ـ 2018 کورسی چوارەم لە بەرژەوەندی ئیتالیا لەدەستبدات.

KOREK Telecom

بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر بالانسیشت نەبێت

بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پرێپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
- دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
- دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
- نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (343) سێشەممە 2015/3/17

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی ئاسیا**
ئەهەل - هەولێر
چوارشەممە 2015/3/18
03:00

**چامپیۆنسلیگ**
مۆناکۆ - ئارسناڵ
سێشەممە 2015/3/17
10:45

**چامپیۆنسلیگ**
بارسیلۆنا - مانچستەر سیتی
چوارشەممە 2015/3/18
10:45

**یۆرۆپالیگ**
ئینتەرمیلان - فۆلفسبۆرگ
پێنجشەممە 2015/3/19
11:05

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 28)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/3/20** | |
| ئیلچێ - ڤالێنسیا | 10:45 |
| **شەممە 2015/3/21** | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - خیتافی | 06:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - مەلەگە | 08:00 |
| لیڤانتی - سێلتاڤیگۆ | 10:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - ئەلمێریا | 12:00 |
| گرانادا - ئیبار | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/3/22** | |
| دیپۆرتیڤۆ - ئیسپانیۆل | 02:00 |
| ڤیارڕیال - سڤیلیا | 07:00 |
| ریال سۆسیداد - کورتۆبە | 09:00 |
| بارسێلۆنا - ریال مەدرید | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 65 |
| 2 - ریال مەدرید | 64 |
| 3 - ڤالێنسیا | 57 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 56 |
| 5 - سڤیلیا | 52 |
| 6 - ڤیارڕیال | 49 |
| 7 - مەلەگە | 44 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 36 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 33 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 32 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 32 |
| 2 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 30 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 17 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 16 |
| 5 - بۆینۆیانە | رایۆ ڤالیکانۆ | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (خیتافی - ریال سۆسیداد) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 30)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/3/21** | |
| مانچستەر سیتی - وێست برۆمیچ | 03:45 |
| نیۆکاسل - ئارسناڵ | 06:00 |
| ساوسهامبتۆن - بێرنلی | 06:00 |
| ستۆک سیتی - کریستال پالاس | 06:00 |
| تۆتنهام - لیستەر سیتی | 06:00 |
| ئەستۆن ڤێلا - سوانزی سیتی | 06:00 |
| وێستهام - سەندرلاند | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/3/22** | |
| لیڤەرپوول - مانچستەر یونایتد | 04:30 |
| هاڵ سیتی - چێڵسی | 07:00 |
| کوینز پارک رێنجەرز - ئێڤەرتۆن | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 64 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 58 |
| 3 - ئارسناڵ | 57 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 56 |
| 5 - لیڤەرپوول | 51 |
| 6 - ساوسامبتۆن | 50 |
| 7 - تۆتنهام | 50 |
| 8 - ستۆک سیتی | 42 |
| 9 - سوانزی سیتی | 40 |
| 10 - وێستهام | 39 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 18 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 17 |
| 3 - کین | تۆتنهام | 16 |
| 4 - ئۆستن | کوینز پارک رێنجەرز | 15 |
| 5 - سانچێز | ئارسناڵ گۆڵ | 13 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (سوانزی سیتی - لیڤەرپوول) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 29)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/3/21** | |
| کیێڤۆ - پالێرمۆ | 08:00 |
| میلان - کالیاری | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/3/22** | |
| ئیمپۆلی - ساسۆلۆ | 02:30 |
| یوڤانتۆس - جەنەوا | 05:00 |
| ناپۆلی - ئاتالانتا | 10:45 |
| ئۆدینێزی - فیۆرەنتینا | 10:45 |
| لازیۆ - ڤیرۆنا | 10:45 |
| سامپادۆریا - ئینتەرمیلان | 10:45 |
| چیزینا - رۆما | 10:45 |
| پارما - تۆرینۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 64 |
| 2 - رۆما | 50 |
| 3 - لازیۆ | 46 |
| 4 - ناپۆلی | 46 |
| 5 - فیۆرەنتینا | 42 |
| 6 - سامپادۆریا | 42 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 37 |
| 8 - جەنەوا | 37 |
| 9 - تۆرینۆ | 36 |
| 10 - میلان | 35 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 15 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 15 |
| 3 - هیگواین | ناپۆلی | 13 |
| 4 - مینێز | میلان | 13 |
| 5 - لوکاتۆنی | ڤیرۆنا | 13 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە هەرسێ یاری (تۆرینۆ - لازیۆ) و (فیۆرەنتینا - میلان) و (رۆما - سامپادۆریا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 26)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/3/20** | |
| هامبۆرگ - هێرتا بەرلین | 10:30 |
| **شەممە 2015/3/21** | |
| هانۆڤەر - بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| شتۆتگارت - فرانکفۆرت | 05:30 |
| فرایبۆرگ - ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| کۆڵن - ڤێردەربرێمەن | 05:30 |
| پادربۆرن - هۆفنهایم | 05:30 |
| شالکە - بایرلیڤەرکۆزن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/3/22** | |
| ماینز - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| بایرن میونشن - مونشنگلادباخ | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 64 |
| 2 - فۆلفسبۆرگ | 53 |
| 3 - مونشنگلادباخ | 44 |
| 4 - بایرلیڤەرکۆزن | 42 |
| 5 - شالکە | 39 |
| 6 - ئۆگسبۆرگ | 38 |
| 7 - هۆفنهایم | 36 |
| 8 - فرانکفۆرت | 34 |
| 9 - ڤێردەربرێمەن | 33 |
| 10 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مایێر | فرانکفۆرت | 19 |
| 2 - رۆبن | بایرن میونشن | 17 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 13 |
| 4 - دۆست | فۆلفسبۆرگ | 13 |
| 5 - دی سانتۆ | ڤێردەربرێمەن | 12 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 30)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/3/20** | |
| پاریس سانجێرمان - لۆریان | 10:30 |
| **شەممە 2015/3/21** | |
| لیۆن - نیس | 06:00 |
| تۆلۆز - بۆردۆ | 10:00 |
| باستیا - گانگۆن | 10:00 |
| رین - نانت | 10:00 |
| کان - میتز | 10:00 |
| ئیڤیان - مۆنبیلیە | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/3/22** | |
| سانت ئیتیان - لیل | 04:00 |
| ریمس - مۆناکۆ | 07:00 |
| لانس - مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیۆن | 58 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 56 |
| 3 - مارسیلیا | 54 |
| 4 - مۆناکۆ | 50 |
| 5 - سانت ئیتیان | 49 |
| 6 - بۆردۆ | 48 |
| 7 - مۆنبیلیە | 45 |
| 8 - لیل | 41 |
| 9 - نانت | 39 |
| 10 - گانگۆن | 38 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 24 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 16 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 14 |
| 4 - بیۆڤی | گانگۆن | 11 |
| 5 - نەبیلیانە | لیۆن | 11 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 16)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2015/3/19** | |
| دینامۆ مۆسکۆ - ناپۆلی | 08:00 |
| دینامۆکیێڤ - ئێڤەرتۆن | 09:00 |
| رۆما - فیۆرەنتینا | 09:00 |
| تۆرینۆ - زینیت | 11:05 |
| ئەجاکس - دنیبرۆ پیترۆڤسکی | 11:05 |
| ئینتەرمیلان - فۆلفسبۆرگ | 11:05 |
| بێشکتاش - کلۆپ برۆج | 11:05 |
| سڤیلیا - ڤیارڕیال | 11:05 |

## چامپیۆنسلیگ (قۆناخی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/3/17** | |
| مۆناکۆ - ئارسناڵ | 10:45 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - بایرلیڤەرکۆزن | 10:45 |
| **چوارشەممە 2015/3/18** | |
| بارسێلۆنا - مانچستەر سیتی | 10:45 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - یوڤانتۆس | 10:45 |


| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لویس ئەدریانۆ | شاختار | 9 |
| 2 - لیۆنێل میسی | بارسێلۆنا | 8 |
| 3 - کریستیانۆ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 8 |
| 4 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 6 |
| 5 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 6 |

**خولی ئینگلتەرا**
نیۆکاسل - ئارسناڵ
شەممە 2015/3/21
06:00

**خولی ئەڵمانیا**
شالکە - بایرلیڤەرکۆزن
شەممە 2015/3/21
08:30

**خولی ئینگلتەرا**
لیڤەرپوول - مانچستەر یونایتد
یەکشەممە 2015/3/22
04:30

**خولی ئیسپانیا**
بارسێلۆنا - ریال مەدرید
یەکشەممە 2015/3/22
11:00



## دەیگۆڕێت

ڕۆژنامەی تۆتۆ میرکاتۆی ئیتاڵی ئاشکرایکردووە کە پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بەنیازە شوێنی یاریکردنی فلیپ لامـی کاپتنـی یانەکـەی بگۆڕێت، دوای گەڕانەوەی بۆ نێو یاریگەکان، کە ماوەی 3 مانگە بەهۆی پێکانـەوە لە یاریگەکان دوورکەوتووەتەوەو گەڕانـەوەی زۆر نزیـک بووەتـەوە. لەو بارەوە ڕۆژنامەکە نووسـیویەتی «گواردیۆلا بە لامی گوتووە شـوێنی یاریکردنت دەگۆڕم، چیدی وەک بەرگریکاری لای ڕاست یاری ناکەی، لەمەودوا پێویستە لە هێڵی ناوەڕاست یاری بکەی».



ڕێبوار محەمەد

## کلاسیکۆ.. یارییەک زۆر شت دەگۆڕێت

پرۆڤەی هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ریال مەدریدم بۆ یاری کلاسیکۆ بینی، بارسا لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە ئایباری بردەوە بـە دوو گۆڵی مێسـی، ریـال مەدریدیش لە سـانتیاگۆ بێرنابیۆ لـە لیڤانتی بردەوە بەهەمـان ئەنجام، بـەڵام ڕۆنالـدۆ گۆڵی نەکرد.

هەرچەنـدە ئەو دوو ڕکابەرەی بارسـا و ریـال هێـزی خۆیـان بەر لە کلاسـیکۆ بەسەریاندا تاقیکردەوە، ڕکابەری ئەوەندە بەهێـز نیـن، بەڵام ئـەوە ناکاتـە ئەوەی سەرنج لەسەر هەندێک شت نەدەین.

بارسـا لە دوو تۆپی جێگیرەوە گۆڵی تۆمارکرد، ئەگـەر ئەوی یەکەمیان لێدانی سـزابێت و بۆ مێسی شتێکی نوێ نەبێت گۆڵی لێوە بـکات، ئەوا هی دووەمیان کە کۆرنـەر بـوو، جێگەی سـەرنجە، چونکە بارسا خۆی لەو یانانەیە بەهۆی سرووشتی یاریکردنیـەوە کـەم سـوود لـە تۆپـە جێگیرەکان وەردەگرێت، ئەمە جیا لەوەی گرتەی گۆڵەکە پێشانی دەدات پێشتر ئەو جۆرە گۆڵە لە مەشقەکاندا کاری بۆ کراوە.

مێسی بەباڵا بچووکەکەیەوە دێتە دەرەوەی ئـەو قەرەباڵخییـەی یاریزانانـی هەردوو یانە لەبـەردەم گۆڵدا دروسـتیان کردووە و گۆڵ دەکات، ئەوە پلانێکە سـەرگرتنی لە کلاسیکۆدا بەرامبەر ریال مەدریدێک کە دەمێکە پەرکەمـی تۆپە جێگیرەکان لێی داوە، سـوودی زۆری بۆ بارسا دەبێت، بە تایبەت ئەگەر ریـال بتوانێ باش بەرگری بـکات و ئەرکـی هێرشـبەرەکانی بارسـا قورس بکات.

هێرشـی پێچەوانـە و سێگۆشـەکانی نێوان سوارێز، مێسی، نەیمار، هەرچەندە لە یارییەکەی ئایبـاردا باش کاری نەکرد، بەڵام ئەمساڵ جێگەی مەترسی زۆر بووە و ئینریکێ توانیویەتی ئەوە بکاتە چەکێکی کوشندەی یانەکەی بۆ لێدانی ڕکابەرەکانی.

ئەو چەکە لە کلاسـیکۆدا زۆر کاریگەر دەبێـت ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین چەق و بەرگـری ریال لە گەڕانـەوەدا خاوە، بە تایبەت پیپێ و چوونە پێشەوەی مارسیلۆ و کارفاخـال پانتایی باش لە پشـتەوە بۆ سیانەکەی بارسا بەجێدەهێڵێت.

بارسـا زۆر ئامادەیـە لـە ڕووی دەروونییـەوە، توانـای یاریزانەکانی و زۆر شتی دیکەش، دەمێنێتەوە ئەوەی لە یاری مان ستیدا چی ڕوودەدات، بێگومان چەندە بڕوام بە موجیزەیە هەر هێندەش متمانەم بە پەڕێنەوەی مان ستی هەیە، بەڵام باسی ماندووبوون و 90 خولەک یاریکردنی زیاتر دەکەم بۆ یاریزانانی ئەو یانەیە.

ریـال مەدریـد بردییـەوە، خاڵـی سـەرنجڕاکێش بۆ ریال مەدرید گەڕانەوەی لـۆکا مۆدریچ بـوو، میـرە کرواتییەکە لە هەردوو گۆڵی یانەکەیدا جێدەستی هەبوو، بە شێوەیەکی گشـتی ڕووحێکی گەورەی بە ناوەندە شێواوەکەی ریال بەخشییەوە، کرووسـیش پشـوویدا و ئەوە بـۆی هەیە یارمەتـی ریـال بـدات لە شـەڕەکەی نو کامپدا.

هێشـتا ریـال ریتمـی تـەواوی خۆی بەدەسـتنەهێناوەتەوە، بـەڵام گەڕانەوەی ڕامۆس و ئامادەیـی زۆرینەی یاریزانەکان دۆخی ئەو یانەیە باشتر دەکەن.

کێشـەکانی ریال زۆرن و لە سەرەتای ئەمسـاڵدا و لەم گۆشـەیەدا نووسیم کێ دەڵێ ئەو کێشـانەی ریال هەیەتی لەوانی بارسای ئەوکات گەورەتر نین.

ریال زیاتر پشـوو دەدات، دەبێ باشتر ئامـادە بێـت، بەیڵ دوو گۆڵـی کردووە و ئـەوەش یارمەتیـدەری دەبێـت، گرنگـە ئەنچیلۆتـی لەگەڵ گەڕانـەوەی مۆدریچدا ڕێگـە لـە کوژانـەوەی ئیسـکۆ بگرێـت، چونکە لە دوا یاریدا ئیسـکۆ وەک پێشتر دەرنەکەوت و ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بـە بوونی لـۆکاوە هەیە لەسـەر چیمەنی یاریگە.

کلاسـیکۆ بۆ هەردوو یانە زۆر گرنگە، زۆر شـت دەگۆڕێـت، هەندێـک دەڵێـن چارەنووسـی وەرز یەکلادەکاتەوە، ئەگەر واش نەبێت، ئەوا یەکلای دەکاتەوە بارسا نەفەسـی درێژترە یان ریال لـە بەرامبەر نازناوی وەرزی ئەمساڵدا.

ئەو عەرەبەی ویستی ئیبراهیمۆڤیچ بکوژێت..

# میدۆ: ئەوەندە نەمابوو بە مەقەست زڵاتان بکوژم

**ڕووداوی وەرزشی ـ GOLOLY**

ئەحمەد حوسـام، ئەستێرەی پێشـووی میسـری کە بـە میدۆ ناسـراوە، لە نوێترین لێدوانیدا سـەبارەت بـەو شـەڕەی کاتـی خـۆی لەنێوان خـۆی و زڵاتـان ئیبارهیمۆڤیچـی ئەستێرەی سویدی ڕوویداوە، دەڵێت «ئیبراهیمۆڤیـچ درۆی نەکردووە کاتێـک گوتوویەتـی میـدۆ خەریکبوو بمکوژێت».

میـدۆ، لـەو لێدوانەیـدا دانـی بـەوەدا نـا کـە جارێـک خەریکبوو ئەسـتێرەی سوێدی، زڵاتـان ئیبراهیمۆڤیـچ بکوژێت، ئەوکاتەی بەیەکەوە لە ڕیزەکانی یانـەی ئەجاکـس ئەمسـتردامی هۆڵەندی یاریان دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی میدۆ مەقەسێکی لە ئیبرا گرت، بەڵام بەرینەکەوتووە.

لەو بارەوە ئەسـتێرەی پێشووی یانەی ڕۆمـای ئیتاڵی بە کەناڵی بی ئێن سپۆرتی قەتەری ڕاگەیاند «ئـەو ڕۆژەی خەریکبـوو ئیبـرا بکـوژم، ئـەو درۆی نەکـردووە، کـە گوتبـووی میـدۆ خەریکبوو بمکوژێت».

زڵاتـان ئیبراهیمۆڤیـچ، لـە کتێبەکەیـدا، کە بە ناونیشـانی «من ئیبرام» لەسەر ژیانی خۆی نووسـیوە، دان بـەوەدا دەنێت، کـە جارێکیـان لەگـەڵ میـدۆ بەشەڕهاتووە و میدۆ خەریکبووە بیکوژێت، بـەر لەوەی بە بۆکس بەرببنە گیانـی یەکدی و تێروپڕ لەیەکدی بدەن.




ڕووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

5 سی و نۆیەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .

2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .

3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .

4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .

5 ـ مۆبایل.





پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت

وشیار کەورینی
لە
سۆران
بە لێدوانی:
( سەرکێشی کردووە، گوێی شێری گرتووە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.








ڕووداو وەرزشی

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە

www.rudaw.net

هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە